زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر

کۆلیژی زانستەسیاسیەکان

بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی

بابەت / بنەماکانی کارگێری گشتی

قۆناغی دووەم

ساڵی خوێندن ٢٠٢١-٢٠٢٢

مامۆستای بابەت :د. نجیبة ابراهیم احمد

زانستی کارگیری گشتی

کارگێری گشتی دەولەت یەکێکە لە گرنگترین ئەو زانستانەی کە فێرخوازانی بەشی زانستە سیاسیەکان لە قۆناغی دەوومی خوێندنی ئەکادیمیان وەریدەگرن، تاوەکو لە نزیکەوە فێری چۆنیەتی بەرێوەبردنی جومگەکانی هەستارو دەزگاحزمەت گوزاری وموئەسەسات ووەزارەتەکانی حکومەت دەبن. ئەم بابەتەش تەواوکەری بابەتی سیاسیەتی گشتییە کە فێرخواز لە قوناغەکانی خوێندن وەریدەگرێت تاوەکو شارەزایەکی تەواو لەسەر بەرنامەی کاری حکومەت وچۆنیەتی جێبەجێکردنی لەلایەن دەزگاکانی دەولەت هەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتە بە سێ بەش دەوترێتەوە، هەروەکو لە خوارەوەدا هاتووە:

بەشی یەکەم : کارگێری گشتی، دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن

یەکەم / چەمك وناساندنی کارگێری گشتی

دووەم / گرنگی وچالاکیەکان وئەرك وکارەکانی کارگێری گشتی

سێیەم / جیاکردنەوەی کارگێری گشتی(الادارة العامة) لە کارگێری کار(إدارة الاعمال)

چوارەم / جیاوازی کارگێری گشتی لەگەڵ زانستەکانی تر (بەتایبەتی زانستی سیاسەت)

بەشی دووەم : کارگێری گشتی، گەشەسەندنی مێژوویی وچالاکیە سەرەکیەکانی

یەکەم / قوتابخانە وتیۆرە هزریەکانی خوێندنی زانستی کارگێری گشتی:

- **قوتابخانەی کلاسیك** ، ئەم قوتابخانەیە بەسەر سێ تیۆردا دابەش دەکرێت، ئەوانیش:
- أ. تیۆری بیرۆکراسیەتی کارگێری (ماکس فیبر)
- ب. تیۆری کارگێری زانستی (فریدرك تایلور)
- ت. تیۆری دابەشکردنی کارگێری (هنری فایول)
- **قوتابخانەی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان**
- **قوتابخانەی زانستە رەفتاریەکان (سلوکیەکان) (ئەبراهام ماسلۆ)**
- **قوتابخانەی دەرکردنی بریار**

دووەم /چالاکیەکانی پرۆسەی کارگێری گشتی

- پلاندانان کارگێری (التخطيط الاداري).
- رێکخستن کارگێری (التنظيم الاداري).
- بەرێوەبردن ودروستکردنی بریاری کارگێری (القيادة وصنع القرار الاداري).
- هەماهەنگی وپەیوەندی کارگێری (التنسيق والاتصال الاداري).
- چاودێری کارگێری (الرقابة الادارية).

بەشی سێیەم:کارگێری گشتی لە وولاتانی پێشکەوتوو ودواکەوتووەکان وهەرێمی کوردستان

یەکەم / کارگێری گشتی لە وولاتەپێشکەوتووەکان (ئەزموونی ژاپۆن یاخود کۆریای باشوور).

دووەم / کارگێری گشتی لە وولاتە دواکەوتووەکان (ئەزموونی میسر یاخود لوبنان).

سێیەم / کارگێری گشتی لە هەرێمی کوردستان (پێکهاتەی کارگێری وئەرێنی ونەرێنیەکانی).

ئەمە پیکهاتەی ئەو بابەتانەیە کەلەماوەی ئەم سالەدا دەبیت بخوێندرێت، بەهیوای ئەوەی بتوانین تەواوی برگەکانی تەواو بکەین تاوەکو ئێوەی فێرخوازی زانستە سیاسیەکان پێیبەهرەمەند بین ولەژیانی کردارەکی خۆتان ئەو پەری سوودی لێ ببینن.

بەشی یەکەم : کارگێری گشتی، دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن

وەکو هەر بابەتێکی زانستی، لەم بەشەدا هەولدەدەین کارگێری گشتی بەشیوەیەکی وورد بخوێنین ولەمانا وچەمکە جیاوازەکانی بکۆلینەوە، ودواتر پێناسەی جیاواز وروانگەی جۆراوجۆری زانستیانە لەمەر ئەم بابەتە بخەینەروو،هەروەها گرنگی زانستی کارگێری گشتی وچالاکی وئەرك وکارەکانی بەشیوەیەکی وورد دەخوێنین، دواتر پەیوەندی وجیاوازی کارگێری گشتی لەگەڵ زانستەکانی تر بەتایبەتی زانستی سیاسەت دەخەینە روو، ولەکۆتایشدا بەراوردی کارگێری گشتی دەکەین لەگەڵ کارگێری کار.

باسی یەکەم / چەمك وناساندنی کارگێری گشتی

هەر زانستێك لە زانستەکان وبەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە ریگای پێشکەوتن وگەشەسەندنیدا بەچەندین قۆناغی جۆراو جۆر تێپەریوە، لە هەرقۆناغیکیش چەندین زانا بە پسپۆریە جیایاکانیاندا بەشداریان کردووە لە پێشخستنی ئەم زانستە، هەر بۆیە بۆ ناساندنی هەر بابەتیکی زانستی بەگویرەی زانا وبیرمەندانی پێناس وناساندنی بۆ دەکرێت، ئەمەش مانای نازانستی بوون نیە بەقەدەر ئەوەی مانای پێشکەوتن زانستەکەیە، بۆ نموونە دیاردەیەکی دیاریکراو چەند رەهەندیکی مێژوویی وسیاسی وجوگرافی وئابووری وکۆمەلایەتی هەیە، بەم پێیەش هەر زانایە ولەروانگەی پسۆریەتی خۆی پێناس بۆ دادەنێت.

زانستی کارگێری گشتیش وەك هەر زانستیکی تر هەر زانا وبیرمەندیکی لە رەهەند وبوارێکدا پێناسی بۆ داناوە، بەشیوەیەکی گشتی دابەشیان دەکەین بەسەر سێ روانگەی زانستی، ئەوانیش:

روانگەی یەکەم: بەستنەوەی زانستی کارگێری گشتی بەجێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەولەت.

بیرمەندی ئەمریکی **"لیۆنارد وایت" Leonard D. White** دەلێت کارگێری گشتی (**گشت ئەو پرۆسانە لە خۆ دەگرێت کە ئامانجیان جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیە**). بەم پێیەش بێت ئەم پێناسە گشت بوارەکانی مەدەنی وسەربازی وخزمەتگوزاری وبەرهەمهێنان ودادوەری وشتی تر دەگرێتەوە.

هەروەها بیرمەند ئەمریکی **"دوایت والدۆ" Dwight Waldo** دەلێت کارگێری گشتی (**بریتیە لە رێکخستن وبەرێوەبەردنی هێزی مرۆیی ومادیە، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی حکومەت**).

ئەم دوو پێناسەیە هەولی گرێدانی کارگێری بەسیاسەت دەدات، ریکترە بڵێین هەولی گرێدانی کارگێری گشتی بەجێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەولەت یاخود بەمانایەکی تر بەرنامە وئامانجەکانی حکومەت دەدات. سەرەرای ئەمەش رەخنە لەم پێناسانەدا گیراوە بەوەی تەنها کارگێری گشتی کردۆتە تاکە جێبەجیکاری سیاسەتی گشتی بەبێ گرنگیدان بە کارگێری تایبەت کەئەویش رۆلێکی گرنگ دەبینێت لەسەرخستی سیاسەتی گشتی وئامانجی حکومەت بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری وخزمەتگوزاریدا.

ڕوانگەی دووەم: بەستنەوی زانستی کارگێری گشتی بە چالاکی کارگێری.

بیرمەندی ئینگلیزی "**ئی. ئین. گلادین" E. N. Gladden** لەمەر کارگێری گشتی دەلێت (**گشت چالاکیەکانی حکومەت لە خۆ دەگرێت، بەمانای ئەوەی هەر چالاکیەك کەلایەنێکی گشتی یان حکومی بیکات کارگێری گشتیە**).

هەروەها بیرمەندی میسری "**حسن أحمد توفیق**" بۆ ناساندنی ئەم چەمکە دەلێت (**کارگێری گشتی لە چوارچێوەی چالاکی کارگێری فەرمانبەرانی میری لە کەرتی جێبەجی کردنی دەولەت بیکەن لە خۆدەگرێت**). بەم پێیەش چالاکیەکانی ناو هەردوو دەسەلاتی یاسادانان ودەسەلاتی دادوەری ناکەوێتە ناو بازنەی کارەکانی کارگێری گشتی.

لەم پێناسانەدا رەخنە دەگیرێت لە نەبوونی ئامانجی کارگێری گشتی ئەویش جێبەجێکردنی سیاسیەتی گشتی دەولەتە. نەك تەنها ئەمەش تەنانەت هەندی چەمکی وەکو چالاکی کارگێری وفەرمانبەرانی میری هاتووە کەئەوانیش چەمکی فراوانن وپێویستیان بە ناساندن هەیە. ورخنەی سەرەکی کەلەم پێناسانە دەگیرێت ئەوەیە کە چالاکیەکانی کارگێری گشتی تایبەت کردووە بە دەسەلاتی جێبەجیکردن وهەردوو دەسەلاتی یاسادانان ودادوەری بەلاوەناوە، راستە هەردوو پرۆسەی یاسادانن ودادوەری ناکەونە ناو چالاکیەکانی کارگێری گشتی، بەلام چالاکیە کارگێری وکارەکانی فەرمانبەرانی ئەم دوو دەسەلاتە بەدەرنین لە کار وچالاکیەکانی کارگێری گشتی.

ڕوانگەی سێیەم: بەستنەوەی زانستی کارگێری گشتی بە دام ودەزگاکانی دەولەت.

بیرمەند "**چارلس دیبسیچ" Charles Debbasch** لەمەر کارگێری گشتی دەلێت (**ئامرازێکە بۆ بەرێوەبردنی کارە گشتیەکان، کەخۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك دام ودەزگا (مۆسسات) کەکار دەکەن لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجە دانراوەکان لەلایەن دەسەلاتی سیاسیەوە**).

هەروەها بیرمەند "**أحمد عبدالقادر جبار**" وا پێناسەی ئەم چەمکە دەکات ودەلێت (**کارگێری گشتی بەشێکە لە زانستی کارگێری کە ئەویش دوو لایەن لە خۆ دەگرێت، لایەنێکیان تایبەتە**

به بەڕێوەبردنی کاروباری دام ودەزگاکانی دەوڵەت کە گرنگی بە کاروباری ڕۆژانەی ژیانی خەلك دەدات، لایەنەکەی تری تایبەتە بە بەڕێوەبردنی کارو پرۆژە تایبەتەکان).

لەم دوو پێناسەی سەرەوەش ڕەخنەی بابەتی لێگیراوە بەوەی چەمکی دام ودەزگا گشتیەکان (المؤسسات أو المرافق العامة) چەمکێکی بەرفراوانە وزیاتر پێویستی بە دانانی چوارچێوەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ ناساندنی چیەتی دام ودەزگاکانی گشتی ورێگاکانی جیاکردنەوەی لە دام ودەزگا تایبەتیەکان.

خلاصة: کەواتا باشترین پێناسە بۆ زانستی کارگێری گشتی ئەوەیە کە (**بریتیە لەو چالاکیەی کە دام ودەزاگا گشتیەکانی دەولەت دەیکەن لە ڕێکخستن وبەریوەبردنی هێزە مرۆیی ومادیەکان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی گشتی وجێبەجێکردنی سیاسیەتی گشتی دەوڵەت**).

بە پێیەش بێت کارگێری گشتی دەبێت سێ ڕەگەز لە خۆبگرێت، ئەوانیش:

- **ڕەگەزی یان لایەنی بابەتی Objective Side**: هەر پرۆسەیێکی کارگێری دەبێت ئەم پێکهاتانە لە خۆبگرێت ئەوانیش پلاندانان (التخطیط)، ڕێکخستن (التنظیم)، بەڕێوەبردن (القیادة)، هەماهەنگی (التنسیق)، چاودێریە (الرقابة).
- **ڕەگەزی یان لایەنی زیندچی Organic Side**: مەبەستمان هەبوونی دام ودەزگای دەوڵەتە کە هەلدەستێ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسە کارگێریەکە.
- **ئامانج Target**: ئەویش جێبەجێکردن وهێنانەدی سیاسەتی گشتی دەوڵەتە.

باسی دووەم / گرنگی وچالاکیەکان وئەرك وکارەکانی کارگێری گشتی

بەشیوەیەکی گشتی لەم باسەدا باسی سێ تەوەر دەکەین کە خۆیان دەبینەوە لە دیاریکردنی مەودای چالاکیەکانی کارگێری گشتی وگرنگی کارگێری گشتی ولەکۆتایشدا باسی ئەرك وکارەکانی کارگێری گشتی دەکەین.

یەکەم: دیاریکردنی مەودای کار وچالاکیەکانی کارگێری گشتی

دیاریکردنی مەودای چالاکیەکانی کارگێری گشتی لە وولاتێکەوە بۆ وولاتیکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش بەگۆڕەی ئەو فەلسەفە سیاسیە یاخود ئابووری یان کۆمەلایەتیە کە دەولەت لەسەری دەروات، هەربۆیەش بیروڕای جیاواز پەیدابوون لەمەر ئەوەی ئاخۆ چ چالاکیەکی کارگێری دەکەوێتە ناو بازنەی کارگێری گشتی دەولەتەوە ئینجا چ لەناو دەسەلاتی جێبەجێکردن بێت یاخود یاسادانان وەیان دادوەری:

- بەشێك لە زانا وبیرمەندان پێیان وایە کەوا کارگێری گشتی تەنها ئەو کارانە لەخۆدەگرێت کە دەکەوێتە ناوبازنەی کارەکانی دەسەلاتی جێبەجێکردن وجگە لەمەش هیچ کارێکی تر بە

کارگێری گشتی نازانرێت. بەم پێیەش هەردوو دەسەلاتی یاسادانان ودادوەری کارەکانیان ناکەوێتە چوارچێوەی کارو چالاکیەکانی کارگێری گشتی، نەوەك ئەمە تەنها کاروچالاکیەکانی کە پارتە سیاسی ورێکخراوە سیاسی ومەدەنی وکۆمەلایەتیەکانیش بەچالاکی کارگێری گشتی دانانرێت.

. بەشێکی تر لە زانایان لەمەی سەروتریش زیاتر مەودای کارو چالاکیەکانی کارگێری گشتی بەرتەسك دەکەنەوە، دەڵێن گشت کارو چالاکیانەی دەسەلاتی جێبەجێکردن ناکەوێتە ناو بازنەی کارگێری گشتی بەلکو تەنها ئەو چالاکیانەی تایبەتن بە پرۆسەکانی پلاندانان (التخطیط)، رێکخستن (التنظیم)، بەرێوەبردن (القیادة)، هەماهەنگی (التنسیق)، چاودێریە (الرقابة) دەکەونە چوارچێوەی کار وچالاکیەکانی کارگێری گشتی. بەم پێیەش بێت هەموو چالاکیە هونەریەکان لەدەرەوەی کار وچالاکیەکانی کارگێری گشتین، وەکو کاری هونەری ئەندازیارێك لە بونیادنانی پردەکان یاخود دروستکردنی پارکە گشتی وتایبەتیەکان، بەلام ئەگەر کارەکەی وەکو بەریوەبەرێك دابەشکردنی کار ورێکخستنی کریکاران وچاودێریکردنیان بیت ئەو کاتە چالاکیەکانی دەکەێتە ناوبازنەی کار وچالاکیەکانی کارگێری گشتی.

. بەشی سێیەم لە زانایان رایان وایە کەدەبێت لەسەرەتادا چوارچێوەی کار وچالاکیەکانی دەسەلاتی جێبەجێکردن دەبێت لێکجیابکرێنەوە لەنێوان ئەو کارانەی لە کەکاری حکومی دادەنرێن کەخۆی لە دانای سیاسیەتی گشتی دەولەت دەبینێتەوە ولەنیوان ئەو کاروچالاکیە کارگێریانەی کە ئامانجیان جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەیە. بەبیربۆچونی ئەم زانا وبیرمەندانە کار وچالاکیەکانی کارگێری گشتی تەنها بەشی دووەم دەگرێتەوە ئەویش جێبەجێکردنی سیاسیەت گشتی یە.

خلاصة: بەشیوەیەکی گشتی کار وچالاکیەکانی کارگێری گشتی هەموو کارە هونەری ومەکتەبیەکانی کاری حکومی دەگرێتەوە وبەتایبەتی ئەوانەی دەکەونە ژێر پۆلێنی کارەکانی پلاندانان (التخطیط)، رێکخستن (التنظیم)، بەرێوەبردن (القیادة)، هەماهەنگی (التنسیق)، چاودێریە (الرقابة)، هەر بۆیەش کشت دەسەلاتەکانی جیبەجیکردن ویاسادانان ودادوەری دەگرێتەوە ئەوەی تایبەتە بەپرۆسەی کارگێری وجێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەولەت.

<u>دووەم: گرنگی کارگێری گشتی</u>

گرنگی زانستی کارگێری گشتی چی کەمتر نیە لە گرنگی خودی دەولەتیش، چونکە بەبێ کارگێری گشتی دەولەت ئیفلیج دەبێت وناتوانێت بەکاررەکانی خۆی هەلبستێت، ئەم زانستە گرنگی خۆی هەبووە هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەلگاکانەوە، بەم پێیەش کارگێری گشتی

ببوە پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی کۆمەلکا ریکخراوەکان لە کۆمەلگا هەمەجی وبەربەریە ناریکخراوەکان. لە رۆژگاری ئەمرۆدا بەشیوەیەکی بەرچاو هەست بە زیادبوونی گرنگی کارگێری گشتی لە کۆمەلگاکان دەکرێت بەهۆکاری کۆمەلێك فاکتەرەوە کەدەبێت بەشیوەیەکی وورد باسیان لیوە بکریت:

. **بەرفراوانبوونی رۆلی حکومەت Expansion of Public Role**

راستە لەدیر زەمانەوە تاوەکو سەدەی رابردووش دەولەت تەنها رۆلی هەبوو لە پارستنی ئاسایشی وولات وبەرگریکردن لە مانی کیانەکەی خۆی لە دژی هەر دەستدرێژیەکی دەرەکی. تەنانەت لەسەردەمی کۆندا دەولەت بریتی بوو لە چەند راوێژکارێك کە لەچواردەورەی فەرمانرەوا رادەوەستان وکاروباری دەولەتیان دادەنا وجێبەجێشیان دەکرد، وەکو ئەوەی لەسەردەمەی دەولەتی ئیسلامی خەلیفەکانی راشیدین هەبوو. هەربۆیەش بەرێوەبردنی دەولەت ئەوەندە ئالۆز نەبووە وپێویستی بە دەزگایەکی کارگێری بەرفرەوان نەبووە، بەلام لەگەل بەرفراوانبوونی رۆلی دەولەت وبۆۆنی بەدەولەتێکی ئالۆز کە دەست دەخاتە ناو کاروباری کۆمەلایەتی وئابووری وتەنانەت دەروونی خەلکیش، ئەوا بیگومان پێویستی بەدەزگایەکی بەرفراوانی وورد وکارای بەریوەبردن وهەلسوراندنی کاروباری ئەم خەلکەی هەیە واتا ووردتر بلێین پێویستیەکی زۆری بە دەزگاکانی کارگێری گشتی دەولەت هەیە. بۆنموونە رۆلی دەولەت لە دەستبەسەرداگرتنی ململانیکانی ناو کۆمەلگا وبەرزونزمی نرخ وکالاکان لە بازارەکان وپاراستنی ئاسایش مرۆیی وخۆراکی وکۆمەلایەتی وتەنانەت دەروونی خەلکیش زیاتر گرنگی دەمەزراندن وبەریوەبردنی دەزگاکانی کارگێری گشتی ناساند.

. **ئالۆزبوونی ژینگەی کارگێری گشتی Complex of Public Administration Environment**

هەرلەدێر زەمانەوە دەولەت بەم شێوەیەی ئێستا ئالوز نەبوو کەپێهاتبێت لەکۆمەلێکی زۆری دام ودەزگا وفەرمانگە وبەرێوەبەراتی ونووسینگەکان، بەلکو دەولەت بەشیوە سادەکەی بەگوێرەی تیۆری دابەشکاری نیوان فەرمانرەوا وخەلکی کاری دەکرد، بۆ نمونە بۆ وەرگرتنی باج داوا لەخەلکی دەکرا کەهەندێکیان بەناوی باجگر باج لەخەلکی وەربگرن ورێژەیەکی دیاریکراو بۆخۆیان بگێرنەوە وئەوی تر بدەن بەدەولەت. بەلام لەگەل پێشکەوتنی دەولەتەکان ودروست بوونی دەولەتی ئالۆز کەپرە کار وپرۆژە وفەرمانگا کەهەریەکێکیان کارێکی تایبەت بۆ خەلکی ئەنجام دەدەن، پێویستی بەدروستکردنی دەزگاکانی کارگێری گشتس ئەکتیف وکارامە کرد کە کاری خەلکی بەووردی ورێك وپێکی ئەنجام بدات، ئەلیرەدا گرنگی ئەم زانستە بەدیاردەکەوێت.

. تەکنەلۆژیای زانیاری Information Technology

هەرچەندە تەکنەلۆژیای زانیاریەکان زانستێکی تازەیە، کەچی توانیویەتی گۆرانکاری بنچینەی لە مەودای کار وپرۆژەکان بکان، کە زور زیاترە لەکۆی ئەوەی مرۆڤایەتی ئەنجامی دا بەدرێژایی شۆرشی پیشەسازی لەگشت بوارەکانی زانستیدا.

تەکنەلۆژیای زانیاریەکان توانی دوو بەربەستی گەورە لەبەردەم خویدا بۆ جێبەجێکردنی کارەکاندا لابدات، ئەوانیش بەربەستەکانی شوین وکاتە، لە ئیستادا کۆمپیوتەری زۆر بچووك هەیە کەتوانای گواستنەوەی هەیە بۆ هەرشوێك بەوپەری ئاسانی ولەهەمان کاتدا بچوکترین میمۆری خەزنکردنی زانیاریەکان توانای هەلگرتنی ١٠٠ ملیون حەرف هەیە کەدەکاتە نوسینی ٢٧٠ هەزار لاپەر.

بەم پێیەش بێت لەبەر ئەوەی کارگێری گشتی هەموو کارەکانی بەریوەبردنی دەولەت وخەلکی لەئەستۆدایە ودوبێت گەشەندن وخۆشگوزەرانی بۆیان دابین بکات هەربۆیە گرنگی تەکنەلۆژیای زانیاریەکان لە کارئاسانکردنی دام ودەزگاکانی کارگێری گشتی بەدیار دەکەوێت.

سێیەم : ئەرك وکار وچالاکیەکانی کارگێری گشتی

پرۆسەی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی لەلایەن دام ودەزگاکانی کارگێری گشتی دەولەتەوە رۆلی گەورەی دەولەتی مۆدێرن دەردەخات، بەم پێیەش لەوولاتە دواکەوتووەکان ئەوەندەی داواکەوتوویان پەیوەندی بەدانای سیاسیەتی گشتیەوە نیە ئەوەندی بەیوەندی بە چۆنیەتی وچیەتی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەوە هەیە. بەم پێیەش دەکرێت ئەرك وچالاکیەکانی کارگێری گشتی بۆ چوار کۆمەڵە گروپ دابەش بکەین، ئەوانیش:

کۆمەلەی یەکەم: ئەرکە سەروەریەکان (المهام السيادية) Primacy Tasks

١. ئەرکە دەرەکیە سەروەریەکان (سیادیەکان): ئەمانە کۆمەلێك کار وچالاکیین کە دەولەت لەسەر ئاستی دەرەوە وبەرامبەر بەرامبەر ولاتانی دەرەوە ئەنجامی دەدات ئینجا چ لە کاتی شەر بێت یاخود لەکاتی ئاشتیدا، وەکو بەرگریکردن لە ولاٌت، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەرێوەبردنی پەیوەندیە دیبلوماسیە دەرەکیەکان.

٢. کارەناوەخۆیە سەروەریەکان (سیادیەکان): هەروەك لەسەر ئاستی دەرەوە دەولەت کۆمەلێك کاری سەروەری دەکات کە کەس ناتوانێت لە جیاتی ئەو بیکات، هەروەها لە سەر ئاستی ناوەخۆیش دەولەت هەندی کار وچالاکی سەروەری ئەنجام دەدات بەکرۆکی کارگێری گشتی دەولەت دادەنرێت، وەکو کاری پۆلیس لە پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ، وچالاکی دادوەری لە پێناو بلاوکردنەوەی دادی کۆمەلایەتی ویاسایی.

٣. کارە سیاسیەکان سەروەریە ووردەکان:کەخۆی دەبینێتەوە لە بەڕێوەبردنی دام ودەزگا سیاسیەکانی وەکو هەڵبژاردن وبەڕێوەبردنی پەرلەمان ودروستکردن ورێکخستنی پەیوەنکان لەگەل دەزگا ئاینیەکان و راگەیاندن وهەلسوراندنی رای گشتی وبەستنەوەی بەئامانجە سیاسیەکان.

کۆمەلەی دووەم: ئەرکە ئابوورییەکان (المهام الاقتصادية) Economic Tasks

١. پسپۆرایەتیەکانی حکومەت لە دروستکردن ودەرکردنی پارە: کەئەمەش بەجۆرێك لەجۆرەکانی وەزیفەیەکی سەروەری دەولەتە وناتوانێت تەنازولی لێبکات بۆ کەسان وشوێنی تر.

٢. پسپۆرایەتیەکانی حکومەت لە بەڕێوەبردنی ژیانی ئابووری: وەکو رێکخستن وبەڕێوەبردنی کەرتی ووزە، کارگەکان، کان وپیشەسازیەکان وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان. ئەمە جگە لە چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی گشت کەرتەکان وەکو کەرتی بەرهەمهێنان، ودانان وسەقامگیری نرخەکان، ودانانی باج، وبەڕێوەبردنی بازرگانی دەرەکی وزۆر کار وپرۆژەی تر.

٣. پسپۆرایەتیە تایبەتیەکانی پەیوەند بەدروستکردنی وبەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابوری ودارای دەوڵەت.

کۆمەلەی سێیەم: ئەرکە کۆمەلایەتیەکان (المهام الاجتماعية) Social Tasks

١. کارو چالاکیە پەیوەندیدارەکان بەکەرتی تەندروستی خەلکی کەدەولەت دەبێت بەخۆی ئەنجامی بدات یاخود چاودێریەکی ووردی بکات، وە هەروەها ئە وکارو چالاکیانەی تایبەتن بە پاراستنی دانیشتووان وپلاندانانی بیناسازییەوە.

٢. بەرگری کردن لە بەرژەوەندی و مافی چینە کۆمەلایەتی وپیشەیەکان بەتایبەتی کرێکاران ورەنجدەرانی کۆمەلگا بەوپێیەی بەشمەینەترین وماف خرواترین چینی کۆمەلگان.

٣. دابەشکردنی داهات لە سەر چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەلگا، تاوەکو ئاستی بژیوی ژیانیان بۆ ئاستێکی گونجاو بەرزبکرێتەوە، دەزگاکانی کارگێری گشتی دەبێت هەموو کات ئاگاداری چینە هەژارەکانی کۆمەلگا بن، چونکە پێشکەوتنی کۆمەلگاکان بە کەمی هەژاری ونەداری ناو کۆمەلگاکان دەپێورێت.

٤. پاراستنە پێکهاتە کۆمەلایەتیەکانی ناو کۆمەلگا تایبەت بە خێزان، چونکە خێزان وەکو کرۆك کۆمەلگاکان ئەگەر تاکی باش وبەرهەداریان پێگەیاند ئەوا کۆمەلگاکان پێشدەکەون ئەگینا دەبنە هۆی دواکەوتووی وتێکدان وناسەقامگیری کۆمەلگاکان.

کۆمەڵەی چوارەم: ئەرکە فێرکاری یاخود رۆشەنبیریەکان (المهام التعليمية او الثقافية) Educational or Cultural Tasks

١. توێژینەوی زانستی رووت، بەمانایەی دەبێت کارگێری گشتی بۆ هەر کیشە وئاریشەیەك کە رووبەرووی کۆمەڵگا دەبێتەوە توێژینەوەی لەسەری ئەنجام بدات تاوەکو چارەسەری گونجاو لەکاتی دیاریکراودا بۆیان بدۆزێتەوە وکۆمەڵگا تووشی نەهامەتی نەبێت.

٣. رێکخستنی کاتە بەتاڵەکان و چالاکیە رۆشەنبیریەکان منداڵ وگەنجەکان. بەپێیەی منداڵ وگەنجەکان بنەمای بەردەوام وپێشکەوتنی کۆمەڵگاکانن، دەبێت دەزگاکانی کارگێری گشتی ئەوپەری بەرپرسیاریەتی لە رێکخستنی کاتە بەتالەکانی دوای تەواوبوونی خوێندن بگرێتەئەستو ئەویش لەرێگا کردنەوەی دەوراتی رۆشەنبیرکردن وکردنەوەی خولی یاریکردنی بەسوود چەندین چالاکی تری جۆراوجۆر.

٤. پێشخستنی چالاکیە هونەریەکان وەك پارێزگاریکردن لە سەرمایەی هونەری نەتەوەیی، هاندانی داهێنانی هونەری داهیچنەران بلاوکردنەوەی کارە هونەریەکان، کەدەبێت دام ودەزگاکانی کارگێری گشتی ئەوپەری توانای خۆیان بخەنە گەر تاوەکو نەتەوەی خۆیان بە جیهان بناسێنن لەرێگای کلتور وهونەری میللیەوە..

باسی سێیەم/ جیاکردنەوەی کارگێری گشتی(الادارة العامة) لە کارگێری کار(إدارة الاعمال)

یەکێك لەو کارە گرنگانەی کەوادەکات کارگێری گشتیبەباشی بناسین، جیاکردنەوەیەتی لە کارگێری کار، ئەمەش بەهۆی ئالۆزی وتێکەلی نیوان ئەم دوو کارگێریە وادەکات زۆر جار لێکجیانەکرێنەوە، هەربۆیە هەوڵدەدەین لیکچوون وجیاوازیەکانی نیوان هەردوو کارگێیەکە بە شیوەیەکی ئەکادیمی باس بکەین تاوەکو لە پرۆسەی جیانەکردنەوەیان رزگارمان بێت.

یەکەم : لێکچوەکانی نێوان کارگێری گشتی(الادارة العامة) کارگێری کار(إدارة الاعمال) بریتین لەمانەی خوارەوە:

- چەمکی کارگێری:

لەرووی چەمکەوە هەدوو زانستی کارگێری گشتی وکارگێری کار لێکدەچن، چونکە کارگێری بەزمانی عەرەبیش (**الادارة**) وبەزمانی ئینگلیزیش (Administration) هەربەهەمان مانا وواتا دێت ئەویش بەرێوەبردنی کاروبارکانە ئینجا چ لەدام ودەزگا گشتیەکانی دەولەت بێت یاخود لە کارگە وکۆمپانیا تایبەتیەکان.

- پرنسیپەکانی کارگێری:

دوور لە قەبارەی دام ودەزگا وکۆمپانیا وکارگەکان لەرووی کارگێریەوە کۆمەلێك پرەنسیب هەیە بەشێوەیەکی وورد لەپێناو سەرخستنی کارەکان ئەنجام دەدرێت، کارەکانیش پلاندانان (التخطیط)، رێکخستن (التنظیم)، بەرێوەبردن (القیادة)، هەماهەنگی (التنسیق)، چاودێریە (الرقابة) لەخۆدەگرێت. ئینجا چ لەدام ودەزگایەکی حکومی وکارگێری گشتی بێت یاخود لە کارگە وکۆمپانیا تایبەتیەکان بێت ئەم پرنسیبە کارگێریانە جێبەجێدەکرێت، هەر بۆیە لەم بوارە ئەم دوو زانستە لەیەکتریدەچن.

- کاریگەری لێکردنی هەردوو کارگێری گشتی وکار:

هەرچەندە کارگێری گشتی کەبەدەولەتەوە بەستراوەتەوە لەدێر زەمانەوە بەشێوەیەکی سادە هەبووە، وزۆر کۆنترە لە زانستی کارگێری کار کە بەستراوەتەوە بە ریلیسانسی ئەوروپی وشۆرشی پیشەسازی، کەچی کاریگەریکەی زۆر لەنێوانیاندا هەیە. چونکە کارگێری کار لەسەر بنەمای زیادکردنی قازانج زۆرترین هەولی پێشکەوتن ورێکخستنی کارەکانی دەدات وئەمەش وای کردووە کارگێری گشتیش هەولی زیاتر بدات بۆ پێشکەوتن وداهێنانی ریگای نۆی بەریوەبردنی دام ودەزگانی وولات وەکو پرۆسەکانی دامەزراندنی فەرمانبەر وکرێکار

ومەشقپێکردنیان وپلەبەرزکردنەوەیان ئەمەش لەپێناو بەرزکردمەوەی ئاستی بەرهەمهێنان وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەهاوولاتیان. ئەمەش بەهۆی کاریگەریەکانی کارگێری کارەوە بوە کەئەوان زۆر گرنگی بەولایەنانە دەدەن.

دووەم: جیاوازیەکانی نێوان کارگێری گشتی(الادارة العامة) کارگێری کار(إدارة الاعمال) بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ئامانج Target:

ئامانجی کارگێری گشتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتیە بەخەلکانی ناو کۆمەلگا وبەم پێیەش دابینکردن وپاراستنی بەرژەوەندی گشتیە، کەچی ئامانجی کارگێری کار بەدەستهێنانی ئەوپەری قازانجە لەپرۆسە وکارەکانی. ئەمەش جیای دەکاتەوە لە زانستی کارگێری گشتی.

- سروشتی چالاکی Nature of Activates :

چالاکیەکانی کارگێری گشتی دەناسرێنەوە بەوەی ئامانجیان گەیشتنە بەگەشەندنێکی گشتگیر وهێنانە دی خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەلکایە، وپەنانەبردنە بەر ئەو کارانەی کەدەبێتە هۆی دژایەتیکردنی بەهاو وئاکارە ئەخلاقیەکان وعورفە گشتیەکانی کۆمەلگا لەپێناو پاراستنی کۆمەلگا لە زەرە ودورخستنەوە لەکێشە وئاریشەکان. کەچی کارگێری کار دوور لەهەولی بەدەستهێنانی گەشەندنێکی گشتگیر وبەبێ گوێدانە بەها وئەخلاق وعورفە کۆمەلایەتیەکانی هەولی هێنانەدی ئامانجە سەرەکیەکەی خۆی دەدات ئەویش بەدەستهێنانی ئەوپەری قازانجە.

- پێشبرکی کردن Competition:

لەکاتێکدا چالاکیەکانی کارگێری گشتی یەکتری تەواودەکەن وئەوپەری هەماهەنگس وپەیوەندی لەنێوان یەکە ودام ودەزگانی هەیە بەشیوەیەك هیچ جۆرە پێشبرکی وململانێك لەنێوانیان کەرت وچالاکیەکانی دەولەت بەدی ناکرێت، کەچی بەپێچەوانەوە کەرتی تایبەتی وکارگێری کار روحی پێشبرکی هەلیدەسورێنێت، هەربۆیە بە خەسلەتی چاونەترسی وقۆستنەوی هەلەکان لەپێناو بەدیهێنانی قازانج ودوورکەوتنەوە لە زەرەر دەناسرێت.

- یاسا Low:

لەو کاتەی کە کارگێری گشتی بەکۆمەلێك یاسا ورێنمایی توند رەیوەدەبردرێت کە گۆرینیان یاخود هەموارکردنیان زۆر ئەستەمە، وئەگەر بشکرێت کاتێکی زۆر وتونایەی بی شوماری دەوێت بەهۆی گەرانەوە بۆ پەرلەمان ودەزگا پەیوەندیدارەکان کەلەبنەرەتدا دایان ناوە، هەربۆیەش کارگێری گشتی بەئالۆزی ورەقی دەناسرێتەوە کەوای کردووە زۆرجار خەلکی لەکارەکانی رازی نەبن، کەچی کارگێری کار لەلایەن بەرپرس وکارگێرەکانیەوە کۆمەلێك رێنمایی ناوەخۆی بۆ

چۆنیەتی کارەکانی دەردەچێت کەگۆرینی وهەموارکردنی زۆر ئاسانە وزۆرجار روودەدات بەهۆی گۆرانی هەلومەرجی نۆی نێوکارەکان ئینجا چ لەناوکارگە وکۆمپانیاکان بێت یاخود لەبازارەکان، ئەمەش وای کردووە کەوا کارگێری کار زیاتر بەمرونەت وئازادی لە هەلسوکەوت وخێرایی بناسرێتەوە.

. پەیوەندی بە سیاسەتەوە Relation with Policy:

دیارترین سیفەتی کارگێری گشتی سروشتە سیاسیەکەیەتی، هەربۆیە ناکرێت پێشهاتە سیاسی وکۆمەلایەتیەکان پشتگۆی بخرێت لەکاتی دەرکدنی بریارەکارگێریەکان هەرچەند دژی دەرئەنجامەکانی لێکۆلینەوەکان بێت، هەربۆیەش زۆربەی جارەکان بریارەکانی کارگێری گشتی بەنابابەتیانە بەشێوەیەکی گشتی وەسف دەکرێت. هەروەکو سەرفکردنی پارە لەبەستنی کۆربەند لەکاتێکدا پارە نیە بۆ کارمەندانی دەولەت. کەچی کارگێری کار کە پرەنسیب قازانج تەحەکومی پێوەدەکات بریارەکانی بەوپەری بابەتی بوون ورەشیدی دەردەچێت بەشیوەیەك کەباشترین ریگا هەلدەبژێری بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج بەکەمترین تێچونی دارای وکاتدا.

باسی چوارەم / جیاوازی کارگێری گشتی لەگەڵ زانستەکانی تر (بەتایبەتی زانستی سیاسەت)

بەهۆی نوێیەتی زانستەکە وئالۆزی بوارەکانی زۆر جار لەگەل کۆمەلێك لە زانستەکانی تر تێکەل دەکرێت، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ناشارەزابوون وناپسپۆریەتی تێکەلکاران. هەربۆیە بەپێویستی دەزانین زانستی کارگێری گشتی جیابکەینەوە لە سێزانست کە زۆر لەم زانستەوە نزیکە، ئەوانیش زانستی سیاسەت وزانستی ئابووری وزانستی یاسایە، لەخوارە بەووردی کارگێری گشتی لەم سێزانستە جیادەکەینەوە وتەنانەت لێکچووەکانیش لەنێوانیاندا باس دەکەین.

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتی جیاوازی نێوان زانستی کارگێری گشتی و زانستەکانی تر پێویستە رەچاوی چەند تێبینەیەك بکەین:

١. زانستی کارگێری گشتی زانستێکی نوێیە، کەوولاتان گرنگیەکی ئەوتۆیان پێنەداوە هەتاوەکو دوای جەنگی جیهانی دووەم، ونەبۆتە مادەیەك کە لە زانکۆکان بوترێتەوە تەنها چەند سالێك پێش ئیستا نەبێت، ئەمەش نایگەیەنێتە ئاستی زانستە کردارییەکان کە لەکۆنەوە جێبەجێدەکرێت ولەزانکۆکان دەخوێنرێت.

٢. گرنگیدان بەزانستی کارگێری گشتی دەگۆڕێت لەوولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر، هەندی وولات وەریان گرتووە وکاری پێدەکەن وهانی خوێندنی دەدەن لەزانکۆکانی، بەپێچەوانەوەش هەندی وولات هەیە هیچ گرنگیەکی پینادات وریزی لێناگرێت وتەنانەت لێی دەترسێت وهەولی پشتگوێخستنی دەدات.

٣. جگە لەمانەی سەرەوەش، نوێیەتی وتازەیەتی زانستی کارگێری گشتی وای کردووە کەزانستێکی سەربەخۆ بەبێت لەزانستەکانی تر تاوەکو ئێستا، هەندێك لەزانکۆکان کردویانەتە پاشکۆ بۆ بابەتی ئابووری وهەندێکی تر بەپاشکۆی کارگێری کار دایدەنێن وئەوانی تر دەیخەنە پال زانستی یاسا وهەندێکیان دەیخەنە پال زانستی سیاسەت.

یەکەم: جیاوازی کارگێری گشتی لەگەڵ زانستی سیاسەت

کاتێك باسی بابەتەکنی کارگێری گشتی دەکەین وای بۆ دەچین کە ئێمە باسی بابەتەکانی زانستی سیاسەت دەکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێکنزیکی بابەتەکانی ئەم دوو زانستە لەیەکتری، چونکە هەردووکیان باسی دەولەت وحکومەت وبەریوەبردنی دام ودەزگاکانی دەولەت دەکەن بەلام هەردووکیان لە روانگەیەکی جیاوە وبە شێوازێکی تایبەت ئەم کارە دەکەن هەر بۆیە هەولدەدەین لە رێگای دوزینەوەی لێکچون وجیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو زانستە بەباشی بیان ناسێنین:

- لیکچونەکانی نێوان زانستی کارگێری گشتی وزانستی سیاسەت

زانستی کارگێری گشتی بە زانستی سیاسەت دەچێت لە دوو لایەنەوە:

یەکەم: زانستی کارگێری گشتی و زانستی سیاسەت لە یەك کاتدا بەیەك دەچن، ئەویش کاتێك باسی وەزارەت دەکەین، چونکە هەم سیاسەت تایبەتە بەخوێندن وجێبەجێکردنی کارەکانی وەزارەت وهەم دەزگاکانی کارگێری گشتی لەوەزارەت ودام ودەزگاکانی دەولەت پێکدێن.

دووەم: زانستی کارگێری گشتی و زانستی سیاسەت لە رووی تێۆری وپراکتیکیەوە کارەکارەکانیان تەواو کەری یەکترن بۆیە لێك دەچن، لەوکاتەی زانستی سیاسەت ئامانجەکان وسیاسەتی گشتی دادەرێژێت، زانستی کارگێری گشتی هەولی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی وهێنانەدی ئامانجەکان دەکات.

- جیاوازیەکانی نێوان زانستی کارگێری گشتی وزانستی سیاسەت

زانستی کارگێری گشتی جیاوازە لە زانستی سیاسەت لە سێ لایەنەوە:

یەکەم: لەوکاتەی زانستی ساسەت گرنگی بە خوێندنی سیستمە سیاسیەکان ودەسەلاتەکانی دەولەت (یاسادانان وجێبەجێکردن ودادگەری) دەدات، زانستی کارگێری گشتی گرینگی بە چالاکیە کارگێریەکانی ناودام ودەزگاکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەدات.

دووەم: زانستی کارگێری گشتی لەسەر کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپ زانستی دامەزراوە لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان بە کەمترین کات وماندی بوون و تێچوون، کەچی زانستی سیاسەت دانراوە لەسەر بنەمای هزری سازش (مساومە) لە دەرکردنی بڕیارە سیاسیەکان ئەمەش لە پێناو ڕازی کردنی لایەنە نەیار وئۆپۆزسیۆنە سیاسیەکانی وولاٚت.

سێیەم: زانستی کارگێری دەناسرێت بە سەقامگیری پیاوەکانی (فەرمانبەرەکان)، کەچی زانستی سیاسەت دەناسرێتەوە بە گۆڕینی پیاوەکانی لەکاتێك بۆ کاتێکی تر ئەویش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبێت، چونکە فەرمانبەر کارگێری گشتی دامەزراوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی وفەرمانبەری سیاسی هەلبژێردراوە بۆ کاتێکی دیاریکراو ودواتر بەجێیدەهێلێت.

دووەم: جیاوازی کارگێری گشتی لەگەڵ زانستی ئابووری

زانستی ئابووری لەدیارترین پێناسەیدا (بریتیە لە چالاکی مرۆڤ لەلایەنی دەستکەوتنی پارە وخزمەتگوزاری لە پێناو تێرکردنی پێداویستیەکانی لەکۆمەڵگا دەکوڵێتەوە. هەوەها زانستێکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکان لە پێناو تێرکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژ بە ڕۆژە زیادبووەکانی مرۆڤ دەکوڵێتەوە). ئەمەش پەیوەندی هەیە بەکارگێری گشتیەوە بەلاٚم لە بنەڕەتدا جیاوازەن بۆنموونە لە ولاٚتە سۆسیالیستەکان دەولاٚت سەرپەرشتی ئابووری دەکات بەشێوەیەك کە دادپەروەری کۆمەلاٚیەتی بەهێنێتەدی، کەچی لە ولاٚتە سەرمایەداریەکان دەولەت سەرپەرشتی ئابووری ناکات، بەڵکو بازار ئازاد دەکات، بەم پێیەش قۆرغ کاری ڕوودەدات وکێشە ئابووریەکان سەرهەڵدەدات، کەواتە پەیوەندی زانستی کارگێری گشتی بە زانستی ئابووری خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی ئەو تیۆرە ئابووری وئایدۆلۆژیانە کەیارمەتی دەزگاکانیی کارگێری گشتی دەولەت دەدەت بۆ دەرکردنی بڕیاری گونجاو ورزگاربوون لە کێشە وئاریشە ئابووریەکان. کەواتا پەیوەندیان بەیەکتریەوە هەیە بەلام یەك زانست نین بەلکو دوو زانستی لە یەکتری جیان.

سێیەم: جیاوازی کارگێری گشتی لەگەڵ زانستی یاسا

یاسا بەسادەترین پێناسە (**بریتیە لە کۆمەڵێك بنەمای سادە وساکار دانراون بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ، سەرپێچیکارانیشی بە سزای مادی و مەعنەوی سزا دەدات**). یاساش بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە دوو جۆر، یاسای گشتی وەکو (یاسای نێودەولەتی گشتی و یاسای دەستور و یاسای کارگێڕی و یاسای دارایی و یاسای تاوانی .. چەندین یاسای تر). ویاسای تایبەت وەکو (یاسای شارستانی ویاسای بازرگانی ویاسای نێو دەولەتی تایبەت .. چەندین یاسای تر).

زانستی کارگێڕی گشتی نزیکترە لە بەشەکانی یاسای گشتی زیاترە لە یاسای تایبەت، چونکە یاسای گشتی گرینگی زیاتر بەخوێندن ورێکخستنی کاروبارەکانی دەولەت وحکومەت دەدات لە لایەنەکانی سیاسی وکارگێری ودارایی وتاوانی و نێودەولەتی. واتە بابەتەکەی یەك شتە ئەویش

دەوڵەتسازی. کەواتا ئەم دوو زانستەش پەیوەندیان بەیەکتریەوە هەیە بەلام یەك زانست نین بەلکو دوو زانستی لە یەکتری جیان.

بەشی دووەم : کارگێری گشتی، گەشەسەندنی مێژوویی وچالاکیە سەرەکیەکانی

لەم بەشەدا زیاتر قول دەبینەوە بۆ زانینی پێشکەوتنی مێژوویی زانستی کارگێری گشتی وباس لە گرنگترین قوتابخانە وزانا وبیرمەندە رۆژئاواییەکان دەکەین کەیارمەتی دەری پێشکەتنی ئەم زانستە بوینە، دواتر دەچینە ناو باسی گرنگترین پێکهاتە وچالاکیە سەکی وبنەماکانی زانستی کارگێری گشتی.

یەکەم / قوتابخانە وتیۆرە هزریەکانی خوێندنی زانستی کارگێری گشتی:

لیرەدا هەولدەدەین کارگێری گشتی بەشیوەیەکی ووردتر بخوێنین، بچینە ناو بنج وبنەوانی دروست بوون وپێشکەوتنە مێژوویەکەی، گرنگترین ئەو زانا وبیرمەندانە بخینەروو کە یارمەتی پێشکەوتنی زانستی کارگێری گشتیان داوە لەرێگای قوتابخانەکانی زانستی کارگێری، وبەبەکارهێنانی کەم وکوریەکانی زانستی کارگێری کار هەولیاندا زیاتر زانستی کارگێری گشتی بەروەوپیشببەن. هەربۆیە لە قوتابخانەی کلاسیك وهەرسێ تیۆرەکەی دەست پێدەکەین پێش ئەوەی بچینە ناو قوتابخانە مۆدێرنەکان کە بە پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان و زانستە رەفتاریەکان و دەرکردنی بریار ناسراون.

. **قوتابخانەی کلاسیك Classical School :**

ئەم قوتابخانەیە بەسەرەتاکانی پەیدابوونی هزری کارگێری دادەنرێت کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمەوە دەستپێدەکات تاوەکو ناوەراستی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، ولەهەندی دەزگا وکۆمپانیا و وولاتیش تاوەکو ئیستا بنەماکانی جێبەجێدەکرێت. بەشیوەیەکی کشتی ئەم قوتابخانەیە بەسەر سێ تیۆردا دابەش دەکرێت، ئەوانیش:

أ. **تیۆری بیرۆکراسیەتی کارگێری Theory of Bureaucracy (هزرمەند ماکس فیبر).**

چەمکی بیرۆکراسی Bureaucracy بەکۆنترین وئالۆزترینی چەمکە مرۆڤایەتیەکان دادەنرێت، بەهۆی فراوانی ئەمانا وواتایانەی کەلەخۆی دەگرێت، کەهەرجارە وبەمانایەك خۆی دەنوێنێت. بەلام بەشێوەیەکی گشتی چەمکی Bureaucracy ووشەیەکی لاتینیە ولە دوو برگە پێك دێت، یەکەمیان Bureau کەبەمانای مەکتەب Desk دێت، ئەوی تریان Cracy کەبەمانای دەسەلات یاخود حوکم دێت، هەردوو برگەش پێکەوە بەواتای حوکمی مەکتەب دێت.

زانا وهزرمەندی کۆمەلناسی ئەلمانی ماکس فیبر Max Weber (١٨٦٤ – ١٩٢٠) بە رابەری قوتابخانە کلاسیك وتیۆرازی بیرۆکراسیەت دادەنرێت، کە هەولیدا بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی ریکخراو باس لە بەرزترین ئاستی نمونەی کار وچالاکی لەناو دام ودەزگاکان بکات لەسەر بنەمای دابەشکردنی کارگێری وکاری مەکتەبی رێکخراو.

وەئەویش (واتا) پێیوایە کە فیبر هۆکاری هەموو پێشکەوتن ودواکەوتنێك لە دام ودەزگا وکۆمپانیا وکارگەکان دەگەرێتەوە بۆ دەسەلاتدار (بەرپرسی دەزگا)، گەر باش بێت ولە ئاستی پێویست بێت ئەوا کار وچالاکیەکان رێك وپێك وبەبەرهەم دەبن، وئەگەر خراپیش بێت کارو چالاکیەکان خراپ وبێ دەرئەنجام دەبن. هەر بۆیەش دەسەلات ودەسەلاتداران بەسەر سێ جۆر دابەش دەکات، ئەوانیش:

یەکەم: دەسەلات ودەسەلاتداری تەقلیدی (سوننەتی) Traditional Authority :

ئەم جۆرە دەسەلاتدارە پشت دەبەستێت بەکۆمەلێك بەها وتەقالید وعرفی کۆمەلایەتی کە لەکۆمەلگا وەریگرتووە وجۆرێك لە هێز ورێزی و سەرفرازی پێبەخشیوە، کەوا دەکات خەلکی ملکەچی ویست وخواستەکانی ببن. بۆنموونە دەسەلاتی باوك لەسەر ئەندامانی خێزانەکەی وسەرۆك هۆز لەسەر ئەندامانی هۆزەکەی بەجۆرێکی بەرچاوی دەسەلاتداری تەقلیدی (سوننەتی) دادەنرێت. بەرای فیبر ئەم جۆرە دەسەلاتدارە خراپە، چونکە توانی پشکەوتنی نیە وناتوانێت خۆشەویست وداهێتەر بیت وتەنانەت ئامادە نیە باجی هەلەکانیشی بدات.

دووەم:دەسەلات ودەسەلاتداری کاریزمی (پالەوانی) Charismatic Authority :

ئەم جۆرە دەسەلاتدارەش پشت دەبەستێت بەکۆمەلێك خاسیەت وتوانای رادەبەدەر کەجیای دەکاتەوە لەکۆی خەلکی تر (بەواتای ئەوەی خەلکی ئەم خەسلەت وتوانایانەی نیە بۆیە کاریزما بەجۆرێك لە پالەوان بەدیار دەکەوێت)، ئەم خەسلەت وتوانایانەی کاریزما لەوانەیە بەشێوەی بۆماوەیی (وراسی) بۆی مابێتەوە لەدایك وباوکی وەکو شازادە ومیرە خۆشەویستەکان، وە لەوانە لە رێگای هەولّو تێکۆشانی خودی تاکەکەو راهێنانی بەردەوام وبیرکردنەوەیەکی زۆر گەیشتبێتە ئاستی بەرزی وتەواوای رێژەیی کەوای لێبێت لەلای خەلکی خۆشەویست بێت وبەنمونەی مرۆڤی سەرکەوتوو بناسرێت وەکو سەرکردە سیاسیەکانی جیهانی وەك نیلسۆن ماندیلا ومەهاتما غاندی وئەرنستۆ گیڤارا ... خەلکانی تر. بەرای فیبر ئەم دەسەلاتەش خراپە لەرووی کارگێریەوە ئەگەر چی لەدەسەلاتی تەقلیدی باشترە، چونکە ناتوانێت لەگەل کات بەسەر چون دیکتاتۆر وهزر بەردین دەردەچێ ورەخنە قبول ناکات وخەلکی بە بچووك وقاسر دەزانێت.

سێیەم: دەسەلات ودەسەلاتداری یاسایی (سەروەری) Legal Authority :

ئەم جۆرە جیاوازە لە دوو جۆرەکەی سەروو، لێرە دەسەلاتی دەسەلاتدار پشت دەبەستێت بە کۆمەلێك یاسا ورێنمایی کەلەلایەن سیستەم دەردەکرێت وخەلکی پێیرازین وجێبەجێی دەکەن، ولەمەش شەرعیەتی خۆی وەردەگرێت (واتا دەسەلاتدار بەیاسا ورێنمایی دەرچوو کار دەکات بۆیە خاوەن شەرعیەتە وخەلکی ملکەچی بریار و ویستەکانی دەکەن). نۆ نموونە فەرمانبەر لە دەزگا بیرۆکراسیەکان بەرامبەر بەرپرسی خۆی کەیاسا ورێنمایی لەسەر جێبەجێدەکات خۆشەویستە ولەلایەك ولەلایەکی تریش ملکەچی فرمانەکانین. ئەم جۆرەیان لەلای فیبر بە جۆرە باش وقبولکراو دادەنرێت چونکە بەگوێرەی یاساو رێنمایەکان دەسەلاتی وەرگرتووە وبەگویرەی هەمان یاسا ورینمایەوە واز لەدەسەلاتی بەرێوەبەری وکارگێری دەهێت وبەگوێرەی خەسلەتە باش وپسپۆریەتی دەسەلات وەردەگرێت وبەگویرەی یاسا لەگەل خەلکی ژێر دەستی مامەلەدەکات، وبیرۆکراسیەتی راستەقینەش بەگوێرەی فیبر لێرە بەرجەستە دەبێت.

بنەما وپرەنسیپەکانی ریکخستنی بیرۆکراسی لەلای ماکس فیبر

بەگویرەی هزری کارگێری بیرۆکراسی لەلای بیرمەند ماکس فیبر، وە لەبەر ئەوەی کۆمەلناس بووە، بۆیە گرنگی بە دۆزینەوەی کۆمەلێك میکانیزمی کار لە دام ودەزگاکان داوە، بەگوێرەی زنجیرەیەکی هەرمی بونیادنراو لەسەر کۆمەلێك پرەنسیب، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

- دابەشکردنێکی رووني کار Clear Division of Labor:

بەواتای دیاریکردنی وەزیفەکان بەشیوەیەکی روون وئاشکرا لەپێناو ئەوەی فەرمانبەران بەگوێرەی لیهاتووی وشارەزایی وپسپۆریەتیان کارەی تیدا بکەن وبەباشی وبێکەم وکۆری کارەکانیان ئەنجام بدەن.

- هەیکەلیەتێکی رووني دەسەلات Clear Hierarchy of Authority:

دەبێت دەسەلات وبەرپرسیاریەتی بەشیوەیەکی رێك وپێك ودیار لەسەروە بۆ خوارەوە دیاری بکرێت، وهەموو بەرپرسێك بزانێت چۆن رێنمای وفەرمان لە سەرووی خۆی وەردەگرێت، چۆن کار وفەرمانبەران ژێر دەستی خۆی هەلدەسورێنێت.

- ریسا ورێنمایی فەرمی کارکردن Formal Rules and procedures:

دەبێت کۆمەلێك رێسا ورێنمایی دیار وروون ونووسراو هەبن لەپێناو رێنمایی کردنی هەلسکەوتی فەرمانبەران بەرامبەر بەکارەکەیان و پابەندبوونیان بەبریارەکانی وەزیفەکانیان.

- ناکەسیەتی لە هەلسوکەوتدا Impersonally:

دەبێت ڕێسا وڕێنماییەکان لەسەر گشت فەرمانبەراندا جێبەجێ بکرێت بەبێ جیاکاری لە نێوانیاندا بەهۆکاری کەسی، ونابێت هەلسوکەوتی باش لەگەل هەندی فەرمانبەر بکرێت لەسەر بنەمای خزمایەتی ونزیکی لەبەرپرسی کار وهەلسوکەوتی خراپ لەگەل ئەوانی تر بکرێت.

. پلەبەندی وەزیفی بەگوێرەی لێهاتووی Careers Based on Merits:

دەبێت فەرمانبەران هەلببژێردرێن بۆ کارە جیاجیاکان بەگوێرەی لیهاتووی وپسپۆرایەتیان ودەبێت توانای جەستەی وهونەریان لەگەڵ کارەکانیان بگونجێت، بەمانای ئەوەی دەبێت (کەسی شیاو لەشوێنی شیاودا) دابنرێت.

. جیاکردنەوەی کارگێری لەخاوەنداریەتی Management Separation from Ownership:

لەپێناو کارکردنێکی باشتر وکارگێریەکی کاراتر دەبێت خاوەندارەکانی کار دووربخرێنەوە لە بەڕێوەبردنی کارەکان ئەمەش بۆ گەیشتن بەئامانجی کار وبەئەوپەری بەرهەمهێنان وکارامەیی.

<u>رەخنەکان لە تیۆری بیرۆکراسیەتی ماکس فیبر</u>

هەرچەندە بیرۆکراسیەتی ماکس فیبر بەشۆرشێك دادەنرێت لەبواری کارگێریدا، سەرەرای ئەمش تووشی رەخنەیەکی زۆر بویەوە لەلایەن بیرمەند وزانایاندا، کە گرنگترینیان دەخەینەروو:

. بیرۆکراسیەت بەگوێرەی بنەماکانی بێت دەبێت فەرمانبەر پسپۆریەتی تەواوی لەکارەکانی هەبێت، ئەمەش وادەکات لە فەرمانگە وکارگێریەکانی حکومەت بەبیانووی نەبوونی پسپۆریەتی وپەیوەندی بەکاری فەرمانبەرەوە کار رابوەستێت وفەرمانبەر ئەم ووتەیە هەردەم دووبارە بکاتەوە (ببورە لە ئیختصاص وپسپۆریەتی من نیە) بەم پێیەش کار رادەوستیچت ورۆتین خەلك هەراسان دەکات.

. یەکێك لە خەسلە ناسراوەکانی بیرۆکراسیەت رۆتینە لەجێبەجێکردنی کارەکاندا، بەم پێیەش کاروبارەکانی حکومەت هەردەم بەئالۆزی وقورسی وگرانی وبیزارکەر ناسراوە، وە ئەگەر رۆتین لەخودی خۆیدا باشیش بێت بەلام بەهۆی بەکارهێنانی خراپی زۆرجار دەبێتە گرانایی وبیزارکەری خەلکان کەسەردانی فەرمانگاکان دەکەن.

. بیرۆکراسیەت پشت دەبەستێت بەپرەنسیپی ریزبەندی سەرۆکایەتی دەسەلاتەکان، وەئەم پرەنسیبە زۆر پێویستە بۆ رێکخستنی کار کەوادەکات هیچ فەرمانبەرێك نەتوانێت پەیوەندی بەگەورەتر لەسەرووی خۆی بکات، بەلام زۆر جار هەیە ئەم پرەنسیبە وادەکات فەرمانبەران روحی دەسپێشخەریان نەبێت لەبریاردان وچارەسەرکردنی کیچشەکان لەساتەوەختی سەرهەلدانی، بەواتای ئەوەی فەرمانبەر هیچ کارێك ناکات تاوەکو فەرمان لەسەروی خۆی وەرنەگرێت.

- بیرۆکراسیەت بونیادنراوە لەسەر بیرکردنەوەی مەنتقی ولێکۆلینەوەی وورد لە هەر حالەتێك بەشێوەیەکی جیا، هەربۆیە هیچ مەجالێك بۆ هەست وسۆز هەلچونی تاکەکان ناهێلێتەوە، ئەمەش وادەکات کە هەلسوکەوت لەگەل فەرمانبەر بکرێت وەکو ئامێر نەوەك وەك مرۆڤ خاوەنی هەست ونەست ودەروون، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەم هێنان وکارامەی راپەراندین کار.
- لەژێر سایەی بیرۆکراسیەتدا، داوا لە فەرمانبەر دەکرێت پابەندی تەواوی رێساو رێنمایە کارگێریەکان بیت، ئەمەش لەخودی خۆی کارێکی باشە، بەلام رەخنەکە لەوەدایە کەفەرمانبەر نابێتبۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسا ورێنماییانە خەلکی هەراسان بکات وهیچ مەجالّك نەهلێتەوە بۆ تێپەراندنی کارەکان ودۆسێیەکان تووشی جمود بکات.
- فەرمانبەران لەژێر رۆشنای بیرۆکراسیەت کارێکی دیاریکراو دەکەن لەکاتێکی دیاریکراو دەکەن و لەبەرامبەریدا موچویەکی دیاریکراو وەردەگرن، بەم پێیەش فەرمانبەران بەهۆی جێگیری موچەکانیان ونەبوونی پاداشت تووشی ماندووبوون وتەمبەلی وناپەیوستی دەبن بەکارەکانیان وروحی پێشبرکی وهاندان لە نێوانیاندا نامێنێت.

ب. **<u>تیۆری کارگێری زانستی Scientific Management Theory (هزرمەند فریدرك تایلور).</u>**

ئەگەر تیۆری بیرۆکراسیەت لە ئەلمانیا سەریهەلدابێت، ئەوا تیۆری کارگێری زانستی لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ولەسەر دەستی کۆمەلێك بیرمەند ولەسەروی هەموشیان بیرمەند وئەندازیاری ئەمریکی **فریدرك تایلور Frederick Taylor** سەریهەلّدا، هۆکاری سەرەکی سەرهەلدانی ئەم تیۆرە پشکەوتنی بزوتنەوی پیشەسازی بوو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکادا، وەلەبەر هەبوونی موادی خام ودەستی کریکاری زۆر پێویستی بەوەدەکرد کەکارێکی زۆر بەکاتێکی کەم ئەنجام بدرێت، ئەمەش وای لە بیرمەندان کرد بیر لەباشترین رێگا بکەنەوە بۆ کەمکردنەوەی کیشەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان. هۆکارێکی تریش ئەوەبوو کەلەو سەردەمەدا داهێنانی ئالات ودەزگای بەرهەمهێنانی پیشەسازی زۆربوو بو ئەمەش وای کردبوو پارەیەکی کەم بدرێت بەکرێکاران وبەم پێیەش هەردەم بەرهەهێنان لەکەمی دەداو بەشی پرکردنەوەی پێداویستی بازارەکانی نەدەکرد. هەربۆیەش تایلور هەولیدا هۆکارەکانی کەمبونەوەی ئاستی بەرهمهێنان وسستی کارکردن لەکارگەکان بزانێت، هەربۆیە گرنگی بەلایەنی کریکاران لە کارگەکاندا ودەستی بەلێکۆلینەوە کرد لەسەریان تاوەکو هەلەکان بدۆزێتەوە وچارەسەری گونجاویان بۆ دابنێت.

بیرۆکەی تایلۆر خۆی دەبینێتەوە لە لێکۆلینەوەی پەیوەندی نێوان (کات وجوولە Time and Motion)، بە پێی لێکۆلینەوەکەی تایلو دەبێت کریکار کارەکانی بەشێوە وجوولەی دیاریکراو ئەنجام بدات (مەبەست لیهاتوویی وکارامەییە) تاوەکو لەکەمترین کاتدا زۆرترین شت ومەك بەرهەمبهیچنێت، وبەم پێیەش لەرێگای مەشق پێکردن هەموو کریکاران فیرە ئەم جوولانە دەکرێن ولەشوێنی گونجاو دادەنرێن تاوەکو بەشیوەیەکی باش وکارامە کار بکەن.

بنەماکانی کارگێری زانستی لەلای فریدریك تایلۆر:

لەکتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی (بنەماکانی کارگێری زانستی Principles of Scientific Management) تایلور هەولیدا بەسەر هەردوو کێشەی نەزانینی بەرپرسانی کارگە بۆ رێژەی بەرهەمهێنان ونەزانینی کرێکاران کە پێویستە چی بکەن وچۆن کار بکەن، چەند بنەمایەکی زانستی دانا، ئەوانیش:

- دیاریکردنی تەواو وروون بۆ هەر فاکتەرێك لە کارکدنی تاکەکان، بەواتای زانینی ریگاکانی کارکردن لەسەر بنەمای زانستی بۆ هەر وەزیفەیەك ئەمەش لەرێگای شیکردنەوەی ختوە وپلەکانی کار ودوورخستنەوەی ناپێویستەکان تێیدا ودیاریکردنی جوولە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی کار ودیاریکردنی ئەو کاتەی کەپێویستە بۆ ئەنجامدانی.
- بەکارهێنانی رێگا زانستیەکان لە هەڵبژاردنی کرێکاران ومەشق پێکردنیان، ودانانیان لەشوێنی گونجاو تاوەکو هەر کرێکارێك بەباشی وبەرزترین کارامەیی ولێهاتووی ئەو کارە بکات کە پێی سپێردراوە.
- بەکارهێنای بەخششە داراییەکان بۆ هاندانی کریکاران بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانیان بەوپەری کارامەیی ولێهاتووی وبەخێرایی زۆر تاوەکو ئەوپەر ی شت ومەك بەرهەمبهێنرێت لەکاتێکی کەمدا.
- شەرپەرشتیکردنێکی ووردی کریکاران بکرێت لەلایەن بەرپرسانەوە تاوەکو رێگە بگیرێت لە زیادەرۆیی وسستی وکەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان.

رەخنەکان لە تیۆری کارگێری زانستی فریدرك تایلور

هەرچەندە وەکو بیرۆکراسیەت تیۆری کارگێری زانستی جولەیەکی زۆری خستە ناو پرۆسەی بەرهەمێنان کەچی لەهەمان کاتیشدا توشی رەخنە بویەوە لەلایەن بیرمەند وزانایاندا، کە لە گرنگترنیان ئەمانەی خوارەوەن:

- هەولدانی تایلۆر وە مکور بوونی بۆ زیادکردنی بەرهەم لەکاتیچکی دیاریکراو بەوپەری لهێتاووی وکارامەی لەسەر حسابی لایەنی مرۆیی کریکاران شکایەوە وبەم پێیەش وەکو

تیۆری بیرۆکراسیەت مرۆڤ وەکو ئامێر هەلسوکەوتی لەگەل دەکرا وهیچ بەهایەکی بۆ پەیوەندیە مرۆییەکان نەهێشبویەوە.

- جگە لەمەش زۆر جەختکردنەوەی تایلۆر بە لێکۆلینەوەی پەیوەندی نێوان جوولە وکاتدا وایکرد تەنها گرنگی بەکریکارە کارکەرەکانی ناو کارگەکان بدرێت وهیچ گرنگی بەلایەتی کارگیچری مەکتەبی وفەرمانبەر کارگێریەکان نەدا، ئەمەش وایکرد کە جۆرێك لە فەوزا ونارێکخستنی بەکاری کارگەکانوە دیاربێت.

پ. <u>تیۆری دابەشکردنی کارگێری Departmentalization Theory (هزرمەند هنری فایول).</u>

لەدوا تیۆری بیرۆکراسیەت کەلە ئەلمانیا زیاتر سەریهەلداو وتیۆری کارگێری زانستی کەلە ئەمریکا سەریهەلدا، تیۆری دابەشکردنی کارگێری لەلایەن بیرمەند وئەندازیاری فەرەنسی (هنری فایۆل Henry Fayol) (١٨٤١ – ١٩٢٥) سەریهەلدا، ئەوەی فایۆل لەفیبر وتایلۆر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە فیبر کۆمەلناس بووە تەنها مەبەستی رێکخستنی چالاکیەکانی کار بووە لەلایەن فەرمانبەر مەکتەبیەکان وتایلۆریش مەبەستی رێکخستنی هێلی کار بووە لەلایەن کریکارەکانی ناو کارگە کەورەکان، کەچی فایول گرنگی هەم بەفەرمانبەری مەکتبەبی کارگێری وهەم کریکاری ناوکارگەکاندا، جگە لەمەش فایۆل هەولی دانانی تیۆرێکی گشتگیری دەدا کە دواتر بتوانرێت بخوێندرێت وزیاتر لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت.

هنری فایۆل لەکتێبەکەی خۆیدا کەلەسالی ١٩١٦ بەناونیشانی (کارگێری پیشەسازی وگشتی Administration Indestriellet and General) بلاویکردەوە، هەولیدا پرەنسیب وبنەمای گشتی دابنێت بۆ کاری کارگێری فەرمانگا ودەزگا تایبەتی وگشتیەکان، نەوەك تەنانەت ئەمەش بەلکو ئەوەی خستە روو کە هۆکاری هەلەکارگێریەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کاردابەشنەکردنی کارگێری هەیە لەدامو دەزگا تایبەتی وگشتیەکان، بۆیە هەولی چارەسەرکردنی ئەم بابەتەیدا لەرێگای دابەشکردنی چالاکی وکار لە بەرێوەبەرایەتیە کارگێریەکان بۆ شەش گروپ، ئەوانیش:

- چالاکیە هونەریەکان Technical Activities:

ئەمانەش کۆمەلە خەلکانێکی لێزان وکارامە ولێهاتوون کەلەبواری بەرهەمهێنانی کالا ودروستکردن وپیشەسازیدا کاردەکەن وبەتەواوەتی کارەسەرکیەکەی کارگە یاخود دام ودەزگاکە دەکەن.

. چالاکیە بازرگانیەکان Commercial Activities:

ئەمانەش کۆمەلە خەلکانێکی ترن کەلەبواری کرین وفرۆشتن وئالوگۆرکردن و وەبازارخستن کاردەکەن تاوەکو دەزگا وکارگە تووشی حالەتی دروستکردنی کالای زۆر ونەفرۆشتنی لە بازار نەبێتەوە.

. چالاکیە داراییەکان Financial Activities:

لەم بەشەدا کارمەندان هەولی دابینکردنی پارەدەدەن بۆ پرۆژەکان، ولەهەمان کاتدا هەولی وەبەرهێنان وکۆکۆدنەوەی شریکی خاوەن پشك لەکۆمپانیاکەیان دەدەن تاوەکو پرۆژە نوێیەکان پێ هەلسورێنن.

. چالاکیە ئاسایشیەکان Security Activities:

هەموو کارگە وپرۆژە ودام ودەزگایەك پێویستی بەکۆمەلێك کارمەند وپشپۆری بواری ئەمنی هەیە تاوەکو ئاسایشی کارگە ودام ودەزگا وکرێکار وفەرمانبەر ومولك ومالی دەزگا وخاوەنەکانی بپارێزن.

. چالاکیە ژمێریاریەکان Accounting Activities:

ئەمانەش کارلەسەر رێکخستنی داهات وخەرجیەکان دەکەن وهەولی گەیاندن پاداشت وموچە وبەخششە دیاریکراوەکانی کریکار وفەرمانبەران دەدەن لەکاتی دیاریکراودا وبەبێ داواکەوتن.

. چالاکیە کارگێریەکان Managerial Activities:

ئەمانەش کارە کارگێریە دیاریکراوەکە دەکەن لە پلاندانان ورێکخستنی کار وسەپەرشتیکردن ودەرکردنی بریار وهەماهەنگی وپەیوەندنی ولەکۆتایشدا چاودێری فەرمانگە وکرێکار وفەرمانبەران دەکەنتاوەکو دلنیابن لە رێك وپێکی کارەکان وزەروورەتی گەیشتن بەوپەری کارامەیی ولێزانی وبەرهەمهێنان.

جگە لەمانەی سەروە هنری فایۆل لە کتێبەکەی خۆی باسی سێ شتی نۆی وگرنگی کرد، کەچارەسەری گشت کێشەکان دەکات کەدەبنە هۆی دواکەوتنی بەرهەم وناکارامەی بەرپرس وکریکار وفەرمانبەران، ئەوانیش:

<u>یەکەم: خەسلەتی بەرێوەبەران ومەشق پێکردنیان:</u>

بەشێوەیەکی گشتی فایۆل وای بۆدەچێت کە دەبێت مرۆڤی کارگێری دەبێت خاوەنی چوار خەسلەت بێت: ئەوانیش ١. خەسلەتە جەستەییەکان Physical کەمەبەست تێیدا ئەوەیە کەکرێکار یان فەرمانبەر نابێت لەرووی جەستەییەوە نوقستان بێت دەبێت خاوەنی هەموو پارچەکانی جەستەوە پێنج هەستەکەی بێت. ٢. خەسلەتە زهنیەکان Mental کە مەبەست تێیدا ئەوەیە کە فەرمانبەر یان کرێکار یاخود کارگێر نابێت نەخۆشیەکی نەفسی هەبێت کە کاریگەری لەسەر کاردا دروست بکات. ٣. خەسلەتە ئەخلاقیکان Moral ئەمەش بەمانای ئەوەیە کەفەرمانبەر یان کریکار دەبێت خاوەنی سیفەتەکانی راستگۆیی ودەستپاکی وئیخلاس بێت لەکارکردن ودز ودرۆزن ودوورو نەبێت وببێتە هۆی تێکدانی کار ودواکەوتنی بەرهەم.٤. ولەکۆتایشدا خەسلەتی رۆشەنبیری گشتی General Acquaintance کە پێویست دەکات فەرمانبەر یاخود کرێکار خاوەن زانیاری ورۆشەنبیری گشتی بن تاوەکو ببن بەو کەسانەی کە پشت بەزانیاریەکانیان دەبەستن لەکاتی سەرهەلدانی کێشەو هەولی چارەسەرکردنی دەدەن.

دووەم: بنەما زانستیەکانی کارگێری.

لەگەڵ ئەوەی فایۆل بروای بەوە هەبوو کە کارگێری دەبێت نەرم وشل بێت ویاسا وپرەنسیپی جیگیری تێدانەبێت، کەچی لەئەنجامی خبرە ولێکۆلینەوەکانی خۆی گەیشتە دەرئەنجامی هەبوونی (١٤) پرەنسیپ کە زامنی کاراترکردنی کار بەریوەبەر وکارگێر وفەرمانبەر وکرێکارەکان دەکات، ئەوانیش:

- دابەشکردنی کار Labour Division :

دابەشکردنی کار دەبێتە هۆی جێبەجێبەجێکردنی پرەنسیبی پسپۆرایەتی کە زانا ئابووریەکانی بانگەوازی بۆ دەکەن وەکو پێویستیەك بۆ باشترین بەکارهێنانی هێزی کارکردن، وفاول وای بۆدەچێت کەدەبێت پسپۆرایەتی گشت ئاستەکانی کارگێری مەکتەب وهونەری ناوکارگەکان بگرێتەوە.

- دەسەلات وبەرپرسیاریەتی Authority and Responsibility :

فایول زۆر بەرووبی باس لەپەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکە دەکات ودەلێت "دەبێت دەسەلاتەکان بگونجێن لەگەل ئەوبەرپرسیاریەتەی کەبە بەریوەبەر وکارگێر سپێردراوە)، وەهەروەها فایۆل وای بۆ دەچێت کە دوو جۆر دەسەلات هەیە، یەکەمیان دەسەلاتی فەرمیە کە بەرێوەبەر وکارگێر پشت پێ دەبەستێت بەحوکمی وەزیفە فەرمیەکەی خۆی، ودووەمیشیان کەسیە کەپشت بە زیروکایەتی ولێهاتووی وئەزموونی وئەخلاقی بەریوەبەر وکارگیر دەبەستێت و وای لێدەکات توانای سەرکردایەتی کاری هەبێت.

. پابەندبوون بەرێساکان Discipline:

بەگوێرەی هزری فایۆل بێت، دەبێت بەریوەبەری یاخود کارگێر تەنانەت فەرمانبەر وکرێکاریش ئەوپەری رێزو پابەندیان بە فەرمان ورێنمایەکانی دام ودەزگای گشتی یاخود کارگەکان وکۆمپانیاکان هەبێت.

. یەکێتی فەرمان Unity of Command:

ئەمەش بەمانای ئەوەی دەبێت هەر فەرمانبەر یاخود کریکارێك یەك بەرپرسی هەبێت فەرمانەکانی لێوەربگرێت، وراپۆرتەکانی کاری رۆژانەی بۆ بەرزبکاتەوە.

. یەك ئاراستەیی کار Unity of Direction :

ئەمەش بەمانای ئەوەی هەر گروپێك لە چالاکی کاردەکەن لەپێناو یەك ئامانج دەبێت یەك بەرپرس یاخود سەرۆك ویەك ئاراستەی کاریان هەبێت، ئەمەش تایبەتە بەکۆی گشتی چالاکیەکە، لەکاتێکدا یەکێتی فەرمان تایبەتە بە تاکەکان بەتەنیا خۆیان.

. ملکەچی تاکەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی Subordination of Individual Interest to general Interest:

ئەمەش بەواتی ئەوەی کەوا دەبێت بەریوەبەرایەتی وکارگێری کار نەیەلن بەرژەوەندی تاکەکان لە فەرمانبەر وکرێکار وتەنانەت کارگێرەکانیش بەسەر بەرژەوەندی گشتی کار وپرۆژەکاندا زال ببێت یاخود بەسەر ئامانجی دام ودەزگادا زاڵ بێت، ئەمەش لە پێناو سەقامگیری وبەردەوامیەتی دەزگاکە.

. بەخشیشەکان Remunerations :

بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە بێت (دەبێت مووچە وبەخششە دارایەکان دادوەرانە بێت بەنیسبەت هەر کرێکار یاخود فەرمانبەر وکارگێرێك لەگشت ئاستەکانی کارکردن لە دام ودەزگای گشتی وتایبەتیەکان.

. سەنتەرایەتی Centralization :

لێرە فایۆل باس لە رادەی کۆکردنەوە یاخود دابەشکردنی دەسەلاتەکان دەکات، ئەم پرنسیبەش لە ریکخراوێکی کار واتا دام ودەزگایەك بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەگوێرەی کۆمەلێك فاکتەری کارگێری جیا، بەگوێرەی فایول دەبێت جۆرێك لەهاوسەنگی هەبێت لەنێوان مەرکەزیەتی رەها ونامەرکەزی تەواو.

. زنجیرەیی سەرکردایەتی کردن Chain of Command:

مەبەستی فایول لەمە ئەوەیە کەدەبێت زنجیربەندی بەرپرسەکان لە دام ودەزگاکان بکرێت بەگوێرەی ریزبەندی هەرمی لەسەروە بۆ خوارەوە وتێیدا هەر کارگێریك کاری خۆی تایبەت بەجێبەجێکردنی فەرمان لەسەر خۆی وکریکار وفەرمانبەران بەشیوەیەك باش بکات.

□□.سیستەم Order:

بەگویەری فاول بێت، ئەم پرەنسیبە بەمانای ئەوە دێت (دانانی هەموو کەسێك لەشوێنی گونجاوی خۆی)، وفایۆل سیستەم دابەش دەکات بۆ دوو بەش، یەکەمیان سیستەمێکی مادیە بەواتای دانانی هەر ئامێر ودەزگا وپێکهاتەیەکی کار لە شتە مادیەکان لەشوێنی خۆی، ودووەمیان سیستەمێکی کۆمەلایەتیە بەواتای کەسی گونجاو لەشوێنی گونجاو لەکاتی گونجاو وبەپێداویستی گەنجاو دانبرێت.

□□.دادپەروەری Justice:

ئەمەش بەواتای ئەوەی گشت فەرمانبەر وکرێکار وکارگێریەکان بەیەك چاو تەماشابکرێن وبەمەبەستی دەستخستنی دلسوزی وئینتمایان بۆ دام دەزگا وکارگەکان، بۆ ئەوەی هەر یەکێك بەکاری خۆی هەلبستێ وتەواوی مافەکانی خۆی وەربگرێت.

□□.سەقامگیری وەزیفی Stability of Tenure:

بەگوێرەی ئەم پرەنسیبە بێت (سەقامگیری وەزیفی زۆر گرنگە بۆ فەرمانبەر وکرێکاران لە کارەکانیان، چونکە ئەم سەقامگیریە وادەکات فەرمانبەر وکرێکار پسپۆریەتی وشارەزا وکارامەیی لەکارەکانیان پەیدا بکەن، ئەمەش سەلمێنراوە کە دام ودەزگا سەرکەوتووەکان دامو دەزگای سەقامگیرن لەکار وکرێکارەکانیان.

□□.دەستپێشخەری Initiative:

بەگویرەی فایۆل، دەبێت کارگێری رێگا بدات فەرمانبەر وکرێکارەکان بەشدار بن لە پلاندانان ورێکخستن وبەرەوپێش بردنی کار ودام ودەزگاکان، هەر بۆیە هەر فەرمانبەر یاخود کرێکارێك روحی دەستپێشخەری وداهێنانی نەبێت لەدام ودەزگاکان جێگای نابێتەوە.

□□.کارکردن بە روحیەتی گروپ Team Work :

ئەم پرنسیبە گرنگی کارکردن بەروحیەتی گروپ وکارامەیی پەیوەندی نێوان کرێکار وفەرمانبەران دەکاتەوە، هەروەها هاوکاری نێوان بەرپرس وکریکار وفەرمانبەرکان وادەکات ئەپەری لێهاتووی وکارمەی لە ئەنجامدانی کارەکان بەکاربهێنرێت، ئەمەش هەمووی پەیوەستە بەتواناکانی سەرکردەی کارگێر لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر فەرمانبەر وکرێکارەکانی.

<u>سێیەم: وەزیفەکانی کارگێری.</u>

بەگوێرەی هنری فایۆل بێت، وەزیفە وچالاکیەکانی کارگێری پلاندانان و ڕێکخستن و سەکردایەتی کردن وبریاردان وهەماهەنگی وپەیوەندیکردن وچاودێریکردن لەخۆ دەگرێت. وفایۆل لەکتێبەکەی خۆی بەشێکی زۆری کارەکانی بۆ باسکردنی ئەم پێنج وەزیفە یاخود چالاکیە تەرخان کردووە ودەتوانین بلێن فایول یەکەم بیرمەندە کەئەم وەزیفانەی کارگێری گشتی بەشێوەیەکی وەها ریزبەندی وباس کردووە.

. **قوتابخانەی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان Human Relations School :**

قوتابخانەی پەیمەندیە مرۆڤایەتیەکان سەریهەلدا لە سیەکانی سەدەی رابردوو وەکو کاردانەوەیەك بۆ نەرێنیەکانی قوتابخانەی کلاسیکی بەهەرسێ تیۆری (بیرۆکراسی و کارگێری زانستی ودابەشکردنی کارگێریەوە)، کە گریمانەی ئەوەی دەکرد کەپاداشتی دارایی تاکە شتە کەکریکار بۆی هەوڵدەدات، ولایەنە مرۆڤایەیت وکۆمەلایەتیەکانی پشت گۆخستبوو.

پەیمەندیە مرۆڤایەتیەکان جۆرێك لە پەیوەندی کارە کە زیاتر گرنگی بەلایەنە کۆمەلایەتی ومرۆڤایەتیەکان دەدات لە ناو ڕێکخراوەکە (شوێنی کارەکە)، بەمەش ئامانجی گەیاندنی کریکارانە بۆ ئەوپەری بەرهەمهێنان لە ژێر سیایەی گرنگیدان بەو فاکتەرە سایکۆلۆجی ومەعنەویانەی کە وادەکات مرۆڤ بەشیوەیەکی عەقلانی وپێگەیشتوو کاربکات.

گرنکترین ئەو فاکتەرانەی کەیارمەتی دەربوون بۆ سەرهەلدانی قوتابخانەی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان، ئەمانەن:

. سەرهەلدانی سەندیکاکان وزۆربوونی هێزیان لە گۆرەپانی کارکردندا، کاتێك سەندیکاکان سەریانهەلدا کاتێك کێشە زۆربوو لە نێوان کریکاران وکارگێر وخاوەنکارەکاندا، بەم شێوەش لە پێناو شکست نەهێنانی کار وبەرهەم کارگێر وخاوەنکارەکان بریاری دابین کردنی ژینگەیەکی گونجاودا لە پەیوەندیە مرۆڤایەتیکاندا بۆ کرێکارەکانیان.

. زیادبوونی متمانەی کرێکاران بەخۆیان، ئەمەش وای کرد کرێکار زیاتر درك بەکێشەکان بکات وداوای سەکردایەتیەکی باشتر بکەن لەکارکردندا، کەزیاتر یارمەتیدەر دەبێت لەگرنگیدان پێیان وبەشداری پێکردنیان لەدەرکردنی بریارەکاندا.

. گەورەی قەبارەی پرۆژەکان بوە هۆی سەهەلدانی کێشە مرۆڤایەتیە نوێیەکان، بەم پێیەش بۆ کارێکی زۆر زەحمەت کە کارگێرەکان پەیوەندی بەهەموو کرێکارەکانەوە بکەن، بەم پێیەش پەیوەندی ورێکخراوی نافەرمی دروست بوو کە کۆکەرەی ئامانجی کرێکارەکان بوو.

- بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، ئەمەش وای کرد کە کارگێری زیاتر گرنگی بەلانی مرۆڤایەتی کرێکاران بدات لەپێناو تێرکردنی داواکاری وپێداویستیەکان.
- زیادبوونی تێچوونەکانی رەگەزی کارکردن، ئەمەش وای لە کارگێرەکان کرد کەبۆ ئەوەی زیاتر سوود لەئەوپەری کاری کرێکارەکان وەرگرن دەبێت گرنگی بەلایەنە مرۆڤایەتی وکۆمەلاتیەکانی ئەم کرێکارانە بدەن.

تاقیکردنەوەی هۆرسون (١٩٢٤ – ١٩٣٢)

هەولەکانی بیرمەند وتوێژەر **ئالتۆن مایۆ Elton Mayo ١٨٨٠ – ١٩٤٩** وهاورێکانی لە کۆمپانیای **ویستێرن ئەلکتریك Western Electric لەشاری شیکاگۆ لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**، کەناسراوە بە تاقیکردنەوەکانی هۆرسون بە یەکێك لە هەولە چر وپرەکانی لێکۆلینەوە لە کاریگەریەکانی فاکتەرە مادیەکانی کارکردن وەکو رۆناکی وگەرمی وساردی ورتوبەت وژاوەژاو وخراپی دابەشکردنی کاتەکانی ئیسرەحاتکردن وپاداشتی هاندانی کریکاران بۆ زیاتر بەرهەمهێنان دادەنرێت.

بەشێوەیەکی گشتی دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی هۆرسون لەم خالانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

- مەیلی کرێکارەکان لە یەکێکی بەرهەمهێناندا بۆ پێکهێنانی رێکخراوی نافەرمی لە نێوانیاندن.
- کاریگەری هەلسوکەوتی تاکەکان لە ناوئەم رێکخراوانەدا بەو چوارچێوەیەی کە وەکو کۆمەل بۆی دادەرێژن.
- پاداشتە معنەویەکان رۆلێکی کاریگەر دەبینن لە هاندانی تاکەکان بۆ کارکردن.
- هێزی کریکارەکان تەنها بەهێزی فەسلەجی جەستەیی ناپێورێت، بەلکو بەگوێرەی هێزە کۆمەلایەتیەکەشی دەپێورێت وەکو هەستکردنی بەرەزامەندی ولێکتێگەیشتنی نێوان خۆیان وکارگێرەکاندا ئەمە لەلایەك وئاستی هاریکاری نێوان هاورێکانیان لەکاردا لەلایەکی تر.

تاقیکردنەوەی هۆرسون بۆتە هۆی کۆمەلێك گۆرانکاری لە هەلسوکەوتی کارگێری لە سیەکان وچلەکانی سەدەی رابردوو، لەو گۆرانکاریانەش:

- بەگوێرەی تاقیکردنەوەی هۆرسون بۆ یەکەم جار بەشێکی کارگێری لە پرۆژەکان دروست بوو بەناوی (بەرێوەبەرایەتی خۆیەتی وپەیوەندیە مرۆڤایەتیکان) کە کار لەسەر

چارەسەرکردنی کێشەی کرێکارەکان ورێکخستنی هێزی مرۆیی لەناو پرۆژەکان دەکات، بەرادەیەك لەهەندی شوێن بەشی شیکاری سایکۆلۆژیش بۆ کرێکاران کرایەوە.

- دوای تاقیکردنەوەکانی هۆرسۆن کارگێری گشتی وتایبەتی دەستیانکرد بە دانان بە مافی کرێکاران بەمۆلەتی سالانە، بەم پێیەش کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانە لەکارگەکان کەمکرایەوە تاوەکو گەیشتە نزیکەی چل کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لەسەرتاسەری جیهاندا.
- لەدوای ئەم تاقیکردنەوانە، کارگێری وخاوەنکارەکان هەستان بە دانان بەمافی کرێکاران بەچاودێری تەندەروستی سایکۆلۆژی وکۆمەلایەتی کرد، بەم پێیەش دەستیانکرد بەدابەشکردنی کرێکاران ودانانی کاتی ئیسرەحات بۆیان بەتایبەتی لە کارگەکان وەهەروەها بریاردرا بەچارەسەرکردنی کرێکاران بەخۆرایی لەسەر ئەرکی کارگێری ودانانی سیستەمی بیمەی تەندروستی بۆ کریکاران.
- جگە لەمانەی سەرەوەش، تاقیکردنەوەکانی هۆرسۆن بونە هۆی ئەوەی کەمەشق بە سەرۆك وسەرپەرشتیاری پرۆژە وکارگە وبەرێوەبەرایەتیەکان بکرێت لەسەر زیاتر لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان لەگەل کرێکارەکاندا وباشتر هەلسوکەوت کردن لەگەڵیان لەپێناو بەرزکردنەوەی روحی مەعنەویان وبەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لەهەمان کاتدا.

لەکۆتاییدا بەشێوەیەکی گشتی کۆمەلێك رەخنە لە قوتابخانەی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان دەگیرێت، کەخۆی لەم خالانەی خوارەوە دەبینێنێتەوە:

- ئەم قوتابخانەیە تیۆرێکی زانستی تەواوی پێشکەش نەکرد بۆ شیکردنەوەی دیاردەی رێکخستن ورەفتاری رێکخراوی جولەی کار وکرێکاران، بەلکو تەنها جەختی کردەوە لەسەر لایەنێك لەلایەنەکانی رێکخستن ئەویش رەگەزی مرۆیی بوو. لەژێر سایەی ئەم قوتابخانەیەدا گریمانەی ئەوە کرابوو کە خاوەنکار وکارگێر لەلایەکە وکریکاران لەلایەکی ترەوە بەگشتی خاوەن یەك ئامانجن، راستە بەرژەوەندی هاوبەش هەیە لەرووی ئابوریەوە لەنێوانیاندا، کەچی چەندین خالی ململانی و دژبەیەکیش لەهەمان کاتدا هەیە.
- ئەم قوتابخانەیە گریمانەی هەبوونی ناسازی ودژبەیەك دەکات لە نیوان هەردوو گروپی کرێکاران وکارگێران، کەچی لەراستیدا بۆ سەرخستنی کار دەبێت ئەم دوو گروپە هاریکاری وهەمانهەنگی یەك بکەن.
- جەختکردنەوەی ئەم تیۆرە لەسەر پێکهینانی گروپی کار وپەیوەندی دروستکردن لەنێوان کرێکاراندا وادەکات ژینگەی کارکردن باشتربێت بۆ کرێکاران، بەلام ئەمە نابێتە باشترکردنی رەوشی کار وکرێکاران چونکە کارەکان هەر هەمان هەول وتێکوشانی

جارانی دەوێت، تەنانەت تاقیکردنەوەی هۆرسون سەلماندی گروپی کاری خۆشگوزەران مەرج نیە زۆر بەرهەمهێن بن.

- ئەم تیۆرە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی گروپی کار خێزانێکی خۆشگوزەران پێکدەهێنن وشوینی کار یاخود کارگەکان مایەی رەزامەندی کرێکارەکانن، بەلام ئەمە زیاتر پشت گوێ خستنی واقعی تاك وگروپەکانە لەکارکردن، چونکە پەیوەندیەکانی کارکردن پرە لەململانێ وناسەقامگیری ودژبەیەکی بەرژەوەندیەکان وکێبرکی نێوان گروپەکان لەپێناو کۆنترۆلکردنی رێکخراوەکانی کار، ئەمەش لەهەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەی داهینان وپێشکەوتن، کەچی ئەم قوتابخانەیەئەم جۆرە ململانی وپێشبرکێیانە بە خەتەر دادەنێت لەسەر لێهاتویی کرێکاران وسەرکەوتنی کار وزیاترکردنی بەرهەم لە کارگەکاندا.

- **قوتابخانەی رەفتاری (سلوکی) Behavioral School**

قوتابخانەی رەفتاری لەرووی منهەجیەوە زۆر جار توێژەران وەکو هاوشێوەی قوتابخانەی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان دەیبینن، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سەرهەلدانی نزیکی هەردوو قوتابخانە لەرووی کاتەوە لەیەکتری، تەنانەت لەرووی گرنگی دان بەلایەنی پەیوەندیە مرۆییەکانی نیو چوارچیوەی کاردا لەهەردوو قوتابخانە هەیە. نەوەك تەنانەت ئەمە بەلکو چەندین لیکچوون هەیە لەناو ئەم قوتابخانەیە وقوتابخانەی کلاسیکیش بەتایبەتی لەرووی جەختکردن لەسەر ئەوپەری بەرهەمهێنان.

زانای بەناوبانگی ئەمریکی ئەبرەهام ماسلو Abraham Maslow بە رێبەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت ئەویش لەرێگای دانای هەرەمێك کە ناونراوە بەهەرەمی پێداویستیەکانی سەرەکیەکان مرۆیی، کەلە بنکەی هەرەمەکە پێداویستیە جەستەییەکانی داناوە (الحاجات الفسلجية) کەبریتین لە خواردن وشوێنی حەوانەوە وجل وبەرگ، لە بەشی دووەمی هەرەمەکە

پێداویستی بۆ ئاسایش داناوە، کەرای ماسلو کەی مرۆڤ نانی هەبوو ئەوکات هەولی پاراستنی خۆی وئارامگەکەی دەدات، دواتر لەبەشی سێیەمی هەرەمەکە ماسلو پێداویستی ریزگرتنی داناوە کە مرۆڤ دەبێت لەدوای نان وئاسایش هەولی بەدەستهێنانی ریز بدات لە بەشی چوارەمیش پێداویستی بۆ خۆشەویستی هەیە کەتەواوکەری ریزگرتنە کەمرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوپەری سەرکەوتنەوە ولەکۆتای وبەشی پێنجەمی هەرەمەکە ماسلو گەیشتن بەو پەری ئاواتی مرۆڤی داناوە (تحقیق الذات)، بەم پێیەش لەجیاتی ئەوەی بەتۆبژی مرۆڤ کار بکات بۆ خودی خۆی کار دەکات وبەرهەم زیاد دەکات وژیان بەروەپێش دەچێت.

تایبەتمەندیەکانی قوتابخانەی رەفتاری (سلوکی) لەلای ئەبرەهام ماسلو، بریتین لە:

1. ئەم قوتابخانەیە بەدەرەجەی یەکەم قوتابخانەیەکی کردارەکیە (امبریقیە) بەو مانای زیاتر لەقوتابخانەکانی تر قابیلی جێبەجێکردنە، لەبەر ئەوەی لەسەر گریمانەی هەولدانی تاکی کریکار وکارگێر راوەستاوە نەوەك لەسەر پەیوەندی نێوان خاوەنکار وکریکار، جگە لەمەش ئەم تیۆرە لەسەر کارگەکان جێبەجێکرا ودەرئەنجامی زۆر باشی هەبوو.
2. ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای پێوانەکانی بەها دامەزراوە، کەئامانجیەتی مرۆڤ بەوپەری توانایەوە هەول بدات بەبەها بەرزەکانی بگاتە ئەو شوێنەی کەدەیەوێت، بەواتای ئەوەی هەولدان بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم لەرێگای گەشەسەندنی بەهاکان لە دل ودەروونی کریکاران ودواتر رەنگدانەوەی لەسەر کارەکانیان.
3. ئەم قوتابخانەیە بونیادنراوە لەسەر گەشبینی، بەواتای ئەوەی کەوا پاداشت وزیادە موچە هانی کریکار وفەرمانبەران دەدات بۆ گۆرینی رەفتاریان، وهەولدانیان بۆ گەیشتن بەوپەری باشی وکارزانی لەپێناو تێرکردنی پێداویستیەکانیان هەرەوەکو ماسلو باسی لێوەدەکات لە هەرەمەکەی.
4. ئەم قوتابخانە ئامانجیەتی بلانسێك بینێتە کایەوە لە نێوان ئامانجی کریکاران وئامانجی رێکخراوەکە (کارگە یاخود کۆمپانیاکە).
5. ئەم قوتابخانەیە هەلدەدات گشتگیر بێت لە روانینی بۆ ژینگەی کار وچارەسەرکردنی کێشەکانی، نەوەك روانگەیەی پارچەیی یاخود کاتی هەبێت بۆ کێشەکان، تەنانەت لە گشت کارە تایبەتەکان کە هەولدەدرێت گۆرانکاری لەناو بکرێت رەزامەندی کریکار وەردەگرێت تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە رێژەی روناکیش هەبێت لەناو کارگەکان.

- جگە لە گرنگی دان بەتاك قوتابخانەی رەفتاری گرنگیەکی زۆر بە رەفتاری کۆمەلی دەدات بەمەبەستی بەکارهێنانی توانای بەکۆمەلی کریکاران وگەیشتن بەئامانجەکانی کارگە یاخود کۆمپانیا.
- قوتابخانەی رەفتاری شیوازی بەشداری کردن بەکاردەهێنێت وەکو ئامرازێك بۆ بۆکاری کارگێری لەناو کارگە یاخود کۆمپانیاکان، ئەمەش تەنها راوێژکاری نیە بەلکو بەشێوەیەکی کردارەکی هەولدەدرێت هەستی بەشداری کردن لەناو کریکار وفەرمانبەران بلاوبکرێتەوە لەپێناو گەشەسەندنی هەستی خاوەنمالیەتی لەلایەن کریکاران.
- گەشەسەندی تواناو لێزانی وکارامەی کریکار وفەرمانبەران وبەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا، متمانە وکرانەوە وئاسانی کارکردنی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی زالبوون بەسەر هەموو ئەو ئاستەنگ وخراپ حالی بوونی نێوان گروپەکانی کار وکرێکاران لەلایەکەو وگروپی کارگێران وخاوەنکارەکان لەلایەکی ترە.
- قوتابخانەی رەفتاری وەکو دیارترین تایبەتمەندیەکانی پالنەری (الدافع) کردە پێوەری گەشەسەندی هەول وتێکۆشانی کرێکاران وهاندانیان بۆ زیاتر لێزانی وکارامەی، چونکە کریکار بۆ خۆی کاردەکات زیاتر لەوەی بۆ خاوەنکار یاخود کارگێرەکان کاربکات. لەبەرئەوەی دەزانیت ئەگەر وابکات پلەی بەرزدەبێتەوە وموچەی زیاتر دەبێت ودووریش نیە پلەیەکی کارگێری بەرز لەداهاتوودا وەربگرێت.